پلەکانی گەرما لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە و پێشبینی دەکرێت بەرەم زیاتر بچێت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی هەرێم پێشبینی دەکات ئەمڕۆ پێنجشەممە و سبەی هەینی پلەکانی گەرما بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات.

کەشناسی بۆ ئەمڕۆ پێنجشەممە بەم شێوەیە دۆخی کەشوهەوای راگەیاند:

کەش و ئاسمان ساماڵ دەبێت لەگەڵ بوونی پەڵەهەور و پلەکانی گەرما، بە شێوەیەکی گشتی کەمێک بەرز دەبێتەوە بەراورد بە دوێنێ چوارشەممە.

بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بە پلەی سیلیزی بۆ ئەمڕۆ و سبەی هەینی 12ـی تەمموز: هەولێر 45 پلە، دهۆک و هەڵەبجە 44 پلەی سیلیزی و کەرکووک 48، زاخۆ 45، هەروەها سلێمانی 44 پلەی سیلیزی.

لەبەرامبەردا، تەندروستیی سلێمانی داوا لە هاونیشتمانییان دەکات لە کاتژمێر 11ـی پێشنیوەڕۆ تاوەکو 3ـی پاشنیوەڕۆ نەچنە بەرخەر.